# ڕاگەیاندن سەبارەت بە بانگەواز بۆ دیفاع لە گیانی کاك سمایل محمدی

لە درێژەی هەڵسووڕانی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە نۆروێژ بۆ دەربڕینی دەنگی ناڕەزایەتی بۆ دەرکردنی حوکمی ئیعدامی کاك اسماعیل محمدی لە لایان کۆماری ئیسلامی ، کۆمیتەی نۆروێژ ڕاگەیاندنێکی بە زمانی نۆروێژی بۆ بیروڕای گشتی نۆروێژ دەرکردوە و تێیدا بانگەوازی کۆمەڵگای نێونەتەویی بۆ نەجات دانی گیانی کاك اسماعیل کردوە ، لەم پێوەندیە دا بە تایبەت لە گەڵ ئەنجوومەنی نۆروێژی دیفاع لە مافی گەلی کورد The Norwegian Council for the Rights of the kurdish people پێوەندیمان گرتووە و ئەوان لە نامەیەك دا نیگەرانی خۆیان لە ئاستی مەترسی گیانی کاك سمایل ڕاگەیاندوە و خوازیاری پێوەندیەکی باشتر گەڵ کۆمیتەی نۆروێژ بۆ حەول دان بۆ نەجاتی گیانی کاك سمایل بوون .

ئێمە دیسان داوا لە هەموو تێکۆشەرانی سیاسی و لاینگری مافی مرۆڤ دەکەین لە درێژی ڕێز گرتن لە یادی چوارده ساڵەی کوشتاری بە کۆمەڵی هەزاران زیندانی سیاسی ، نەهێڵین ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە لە گۆشەیەکی تر لە کوردستان ، ئەم جار دڵی بنە ماڵە و کەس و کاری کاك سمایل بریندار بکات ۰

کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

کۆمیتەی نۆروێژ

مانگی گەلاوێژی ۱۳۸۲